


هێرۆ کوردە

# "............"



کەس هێندەی من حەوجەی بە ئەوین نییە
پەنجەرەکە دەکەمەوە
با دەچێتە پەراسووەکانمەوە
ئەیوب
مشت مشت بێ ئۆقرەیی دەخاتە دڵمەوە و
:
سەبر بگرە، سەبر سەبر
دەرگاکە دەخەمە سەرپشت
وەرە ناو جێگەکەمەوە و بیر بکەوە
ئاخر تۆ
لە ناو جێگەی ژن نەبێ کوا دەزانی بیر بکەیتەوە!
دەچمە بەردەم ئاوێنەکە
بەم گەورەبوونە دڵم دادەخورپێ
بەم روخسارە ژاکاوە
هێلنجم دێ
ئەوەی دەیبینم خۆمم یان تۆ؟

کێ چوزانێ؟
گەیشتمە کەناری کچێتی
بەم نائومێدییە نائومێد دەبم
ئاخر کەس هێندەی من حەوجەی بە "تۆ"
نییە
پەنجەرەکە کراوەیە
سەرجێگەکە خەملیوە
ئاوێنەکە رووووووووت
ئێوارە دەکشێ
بەم چاوەڕوانییە سەخیفە پێکەنین دەمگرێت
بەم دوو سێ دێرە درۆیە
سەرم دەپەنەمێ
توخوا مەیە
باهەر حەوجەم بە بینینت بێ!
مەیە سەبر دەگرم سەبر  سەبر
تا ئەم چاوەڕوانییە جوانەم نەژاکێ
تۆ لەوێندەرێ
زارت بخە بادەیەکی پڕەوە
من لێرە مەست دەبم و سەوز دەچمەوە
هەر لەوێندەر را
دەستت بە کەمەری گوڵە هێرۆیەکا بێنە
من لێرە
سەبر دەگرم دەلەنگێمەوە
سەبر دەگرم و دەبورێمەوە
کەس هێندەی من حەوجەی بە نائومێدی نییە
کەس هێندەی من حەوجەی بە درۆ نووسین نییە
کەس
کەس.............

